# پلەبەندی کۆمەڵایەتی وکاریگەری لەسەر دروستبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵدا

**شیلان محمد عەلی، نجاة محمد فرەج**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** چینایەتی کۆمەڵایەتی، ئاماژەیە بۆ دابەشکردنی کۆمەڵ بۆ چین یان گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، لەسەر بنەمای پێوەرە جۆراوجۆرەکانی وەک: سامان، دەسەڵات، پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی. کە لایەنێکی بنچینەیی کۆمەڵگەی مرۆییەو کاریگەری لەسەر ئەو دەرفەت و جیاوکانەی لەبەردەستی تاکەکاندایە هەیە، هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بەپێی بەها کۆمەڵایەتییان، مرۆڤ دەخاتە ناو گروپی پەیوەست بە پێگەی خۆیان لە کۆمەڵداو بە تایبەتمەندی جیاکەرەوەی بەهێزی نایەکسانی کۆمەڵایەتیی دادەنرێت. سەرچاوەی چینبەندی کۆمەڵایەتی دەتوانرێت بۆ چەندین سەرچاوەی بەیەکەوەگرێدراو بگەڕێنرێتەوە، لەوانە هۆکاری ئابووریی، دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی و بیروباوەڕی کولتووری وهەروەها بۆ هەردوو جیاوازی سروشتی و ژینگەیش دەگەڕێتەوە.

هەر کۆمەڵێک شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ پۆلێنکردنی تاکەکان بۆ گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو . ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک کەس زیاتر لە هەندێکی تر سوودمەند بن و سوود و بارگرانییەکان بە شێوەیەکی نایەکسان لە نێوان پۆلە جیاوازەکاندا دابەشدەبن. ئەو پێوەرە هەڵبژێردراوانەی کە خەڵک بەهۆیانەوە پۆلێن دەکرێن، و دەستڕاگەیشتنیان بە سامان و دەسەڵات و دەرفەتەکان سنووردار دەکات، چونکە زۆرترین جیاوک زۆرترین پشکیان بۆ تەرخاندەکرێت،بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە بۆ چەند تاکێک هەندێک جووڵە لە نێوان گروپەکاندا هەیە بەهۆی گۆڕانکاری لە چۆنییەتی تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ پێگە و تواناکان، بە واتایەکی تر هەندێک بەهرە دەتوانن پۆلە کۆمەڵایەتییەکان تێپەڕێنن.

**کلیلە ووشەکان**- چینایەتی، پلەبەندی کۆمەڵایەتی، چینایەتی کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی:

باسکردنی توێژینەوەی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە دابەشکردنی کۆمەڵ بۆ چین یان گرووپی کۆمەڵایەتی جیاجیا، بە پشتبەستن بە چەند پێوەرێکی جۆراوجۆری وەک سامان، دەسەڵات، پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی. پلەبەندیی کۆمەڵایەتی لایەنێکی بنەڕەتیی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە و کاریگەری لەسەر دەرفەت و مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵ هەیە، لەبەرئەوەی تاکەکان، بەسەر چەند گرووپێکدا دابەشدەکات. پلەبەندیی کۆمەڵایەتی خەڵک بەپێی بەها کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەسەنگێنێت، بۆیە دیارترین تایبەتمەندی پلەبەندی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بەهێزکردنی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. بنچینەی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی بۆ چەندین سەرچاوەی پێکەوەبەستراو دەگەڕێتەوە، کە بریتین لە فاکتەری (هۆکاری) ئابووریی، دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی و بیروباوەڕە کەلتوورییەکان و بۆ جیاوازییە بنچینەیی و ژینگەییەکانیش دەگەڕێتەوەو هەر کۆمەڵێک بە شێوازێکی تایبەتی خۆی تاکەکانی بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت دابەشدەکات، لەبەرئەوەی ئەرک و مافەکان بە شێوازێکی نایەکسان بەسەر تاکەکانی کۆمەڵدا دابەشدەبن، هەندێک کەس زیاتر لەوانی تر سودمەند دەبن ئەو پێوەرانەی بۆ پۆلێنکردنی خەڵک بەکار دەهێنرێن، دەستگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە سامان، دەسەڵات و دەرفەتەکان سنووردار دەکەن، لەبەرئەوەی ئەوانەی زۆرترین مافیان هەیە گەورەترین پشکیان بەردەکەوێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت کە بە گۆڕانی تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ پێگە و تواناکان، دەکرێت گۆڕانکاری لە پێگەی کۆمەڵایەتی بەشێک لە تاکەکانیشدا ڕوو بدات. بە واتایەکی دیکە، دەکرێت ئەوانەی هەندێک بەهرە و توانای تایبەتییان هەیە، پۆلە کۆمەڵایەتییەکانیان تێپەڕێنن.

لەم بەشەدا، لێکۆڵینەوە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی پلەبەندی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییان لەسەر درووستبوونی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و چینە کۆمەڵایەتییەکان کراوە.

### بابەتی توێژینەوە:

زانستیبوونی هەر توێژینەوەکی زانستی سەرەتا لە ناساندنی کێشەی توێژینەوەکەی سەرچاوە دەگرێت، کە وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ توێژینەوەکە سەرنجی توێژەر ڕادەکێشێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە بوارێکی دیاریکراودا، واتە توێژەر بۆ زانین و دۆزینەوەی بارودۆخێکی دیاریکراو لە بوارێکدا، هەوڵە زانستییەکانی لەسەر بنەمای میتۆد و توێژینەوەی پێشوو کارپێدەکات بۆ دۆزینەوەی ڕاستی زانستی لە چوارچێوەی ئەو کێشەیەی توێژینەوەکەی لێپێکهاتووە .

کەوایە مەبەست لە کێشەی توێژینەوە خستنەڕووی ئەوپرسیارە زانستییانەیە کە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 2(2025) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n2y2025.pp78-87
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 19 كانون الاول 2024؛ قُبل في 26 كانون الثانى 2025؛ نُشرت في 29 نيسان 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: najat.faraj@univsul.edu.iq, shelan206@gmail.com
حقوق الطبع والنشر ©2025 شيلان محمد عەلی،نجاة محمد فرەج. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ناونیشانی توێژینەوەکەی لەسەر بونیادنراوە، کە ئەمەش هۆکاری سەرەکی بڕیاردانە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی، کە دۆزینەوەی وەڵامی زانستی و سەلمێنراوە بۆ ئەو پرسیارانەی توێژنیەوەکەی بۆ ئەنجامدەدرێت، لەم توێژینەوەیەدا کاردەکرێت بۆ زانینی کاریگەری سەرچاوەکانی پلەبەندی کۆمەڵایەتی لەسەر چینایەتی کۆمەڵایەتی.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە، ئایا پەیوەندی لە نێوان سەرچاوەکانی پلەبەندی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵایەتیدا هەیە؟ ئایا پلەبەندی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر تۆخبوونەوەی چینایەتی کۆمەڵایەتی لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟

## گرنگی توێژینەوە:

پلەبەندیی کۆمەڵایەتی، وەک چەمکێک لە چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ناو کۆمەڵدا، گرنگی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی دەبێتە پاڵنەرێک بۆ تاکەکانی کۆمەڵ، بۆ بەدەستهێنانی پۆستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، کە لەڕووی بەدەستهێنانی داهاتەوە جیاوازن.

## ئامانجی توێژینەوە:

**ئامانج لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی چۆنییەتی پەیوەندییە لە نێوان سەرچاوەکانی پلەبەندی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵایەتیداو کاریگەری سەرچاوەکانی پلەبەندی کۆمەڵایەتی لەسەر دروستبوونی چینەکۆمەڵایەتیەکان.**

## میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆرییە و میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە، وەک یەکێک لە میتۆدە کاریگەرەکانی توێژینەوەی زانستی، بۆ شیکردنەوەی هەموو ئەو تیۆرەکۆمەڵایەتییە زانستییانەی جێگیربووە وەک سەرچاوەی زانستی بەکاردەهێنرێت (Hsieh&Shannon,2011:1278) لێرەدا ئەم میتۆدە بەکارهاتووە بۆ روونکردنەوە و شیکردنەوەو ڕەخنەگرتنی پەیوەندی نێوان سەرچاوەکانی پلەبەندی کۆمەڵایەتی وچینایەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا .

سنووری بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لە تیۆرەکانی سەرچاوەی پلەبەندی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵایەتی، لەم توێژینەوەدا زیاتر تیشکخراوەتە سەر کاریگەری ئەو سەرچاوانەی پلەبەندی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵایەتی تۆخدەکاتەوە.

## چەمکی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی :(Social Stratification)

بریتییە لەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییانەی، کە بەهۆیەوە چینە کۆمەڵایەتییەکان، دەردەکەون. مرۆڤەکان پۆلێندەکرێن و یەکسانی لە نێوانیاندا بەدیناکرێت، ئەم پۆلێنکردنەش دەکرێت لەسەر بنەمای( داهات، سامان، ڕادەی کاریگەری کەسایەتی، ڕەگەز، تەمەن، شکۆ و پلەو پایە یان هەر جیاوازییەکی دیکە) بەدیکرێت. لە ئەنجامی ئەم جیاوازییانە، چینە کۆمەڵایەتییەکان، دەردەکەون. هەروەها جۆرێکی تر لە پلەبەندیی، لەسەر بنەمای دەرفەتی ژیانی گشتی و شێوازی ژیان دامەزراوە، کە ئەم جۆرەیان جیاوازە لە جۆرەکانی تری پلەبەندیی کۆمەڵایەتی. (معن خليل:٢٠٠٠،ص٤٠٢)

پلەبەندیی کۆمەڵایەتی، بریتییە لەو چەمکەی، کە بە بنەمای دروستبوونی چینایەتی لە کۆمەڵدا، دادەنرێت، یاخود (چین) بۆ دروستبوونی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی بنەمایە، پلەبەندیی کۆمەڵایەتی گوزارشت لە پێشکەوتن و جووڵەی نێوان چینەکان، لەسەر بنەمای کار و بەرهەمهێنان و دەستکەوت لە کۆمەڵدا دەکات، لە چینی کرێکارەوە بۆ چینی ناوەڕاست و چینی دەستەبژێری دەسەڵاتدار، هەر چینێک لەو چینانە نەسەقێکی پلەبەندیی هەیە (اسماعيل عبدلفتاح: ٢٠٠٥،ص٥٤)

## چینی کۆمەڵایەتی:

چینی کۆمەڵایەتی، بریتیە لەو چینەی کۆمەڵێک لە تاکەکانی کۆمەڵ کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و داهات و پیشە و ئاستی ڕۆشنبیری و شوێنی نیشتەجێبوونیان و ڕەچەڵەکی خێزانیان چونیەکن و جیایاندەکاتەوە لە چینەکۆمەڵایەتییەکانی تر لە کۆمەڵدا.

(کارل مارکس) پێیوایە کە بنەمای پێکهاتنی چینایەتی هۆکاری جیاوازی ئاستی ئابورییە لە نێوان تاکەکاندا، هەروەها جیاوازی ئابوریش پەیوەستە بە دابەشبوونی دەسەڵاتەوە لە ئەنجامدا دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و پێگەو شێوازێکی تایبەت بە هەرچینێک دێتەئاراوە. هەروەها مارکس پێیوایە پەیوەندی بنەڕەتی نێوان چینەکان پەیوەندی ململانێیە کە لەئەنجامی بەرژەوەندییە دژبەیەکەکان و قۆستنەوەوە سەرهەڵدەدات.(Ginsberg,M, 1950)

## سەرچاوەکانی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی و کاریگەریان لەسەر دروستبوونی چینە کۆمەڵایەتیەکان:

### یەکەم/ ڕۆڵی هۆکارە ئابوورییەکان:

وەک لە تیۆرەکاندا خرایەڕوو، نایەکسانیی ئابووری یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی پلەبەندی کۆمەڵایەتی. دابەشبوونی سەرمایە و سەرچاوەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دیاریکردنی پێگەی تاک لە کۆمەڵدا دەگێڕێت. بۆ نموونە، ئابووری سەرمایەداریی زۆرجار دەبنە هۆی درووستبوونی چینی کۆمەڵایەتی جیاجیا لەسەر بنەمای خاوەندارێتیکردن (هەبوون)، یان نەبوونی سەرچاوەی بەرهەمهێنەریی، ئەوانەی خاوەن سامان و سەرمایەی زۆرن دەستیان بە خوێندن، چاودێریی تەندروستی و ژیانێکی باشتر دەگات، بەهۆی ئەمەوە زیاتر لە باری کۆمەڵایەتی و دەرفەتەکان سوودمەند دەبن .(Marx, 1847 cited in Andrew, 1975) بە پێچەوانەوە، ئەو تاکانەی کە سەرچاوەی ئابوورییان سنووردارە، دەشێت پێگەی کۆمەڵایەتییان نەگۆڕێت و لە چینە نزمە کۆمەڵایەتییەکەیاندا گیربخۆن لە هەندێک لە کۆمەڵەکاندا. ئەوەی باری کۆمەڵایەتیی کەسێک دیاریدەکات بریتییە لە پێگەی کۆمەڵایەتیی دایک و باوکی، لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی منداڵان لە دایک و باوکیانەوە پێگەی کۆمەڵایەتییان وەردەگرن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ناسنامەی کەسەکە دەبێت ,ئەوەی کە پێگەی کۆمەڵایەتیی کەسێک گرێدراوە بە شێوەژیانی دایک و باوکییەوە ئەوە دەگەیەنێت کە زۆر قورسترە ئەو کەسە بتوانێت پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی بگۆڕێت.

نایەکسانی ئابووری، لەلایەن ئابووریناس و کۆمەڵناس و زانایانی بواری کۆمەڵایەتییەوە، زۆرترین توێژینەوەی لەسەر کراوە. توێژەران لێکۆڵینەوەیان لە لایەنە جیاوازەکانی نایەکسانی ئابووری کردووە، کە بریتین لە هۆکارەکان، دەرەنجامەکان و سیاسەتەکانی چارەسەرکردنی نایەکسانیی ئابووری ,Neckerman & Torche) 2007; Peterson, 2017; Piketty, 2014; Sitaraman, 2017).لە ڕاستیدا، پیکێتی (٢٠١٤) ڕادەی نایەکسانی پێوانە کرد و دەریخست کە ٧٠٪ی کۆی سامانی شانشینی یەکگرتوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لایەن ١٠٪ی خەڵکی ئەو دوو وڵاتەوە خاوەندارێتی دەکرێت، ئەم ڕێژەیەش لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٨٠٠کانەوە تا ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، کە ئەوکات پیشەسازی هۆکاری سەرەکی نایەکسانی داهات بوو .(Peterson, 2017) ئەو وڵاتانەی شۆڕشی پیشەسازی

کاریگەریی لەسەریان هەبووە دووچاری ئەم نایەکسانییە بوونەوە، هەروەها جیاوازیش لە ڕادەی نایەکسانی لەنێوان وڵاتاندا هەبووە. ئەو وڵاتانەی بە بەراورد بە وڵاتانی تر کاریگەریی شۆڕشی پیشەسازی لەسەریان کەمتر بووە، کەڵەکەبوونی داهات تیایاندا بە هەمان بڕ نەبووە. وەک مایلۆنۆڤیک (٢٠١٦) باسی لێوە دەکات، ڕەنگە نایەکسانیی ئابووری لە ناو وڵاتێکدا هەبێت، بەڵام نایەکسانیی ئابووری لە نێوان وڵاتانیشدا هەیە.

نووسەر و توێژەرە بەناوبانگەکان بەچڕوپڕی لێکۆڵینەوەیان لە ڕۆڵی هۆکارە ئابوورییەکان، وەک هۆیەکی گرنگی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی کردووە. ئەوان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە نایەکسانیی ئابووری، بەهۆی چەندین هۆکاری ئابوورییەوە درووستدەبێت، ڕۆڵێکی گرنگ لە درووستکردن و هێشتنەوەی پلەبەندیی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت. لێرەدا، ڕوانگەی نووسەرە دیارەکان لەسەر پەیوەندیی نێوان هۆکارە ئابوورییەکان و پلەبەندیی کۆمەڵایەتی دەخەینەڕوو، کە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەپێی ڕوانگەی مارکسی، سیستەمی سەرمایەداری لە بنەڕەتدا ڕێگە بۆ چەوساندنەوەی چینی کرێکار لە لایەن چینی بۆرجوازییەوە خۆشدەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامیدان بە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. مارکس و ئەنگڵس (١٩٦٧) دەڵێن کە سەرمایەداران دەستبەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا دەگرن، بەهۆی ئەمەشەوە بۆشاییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەوان و کرێکاراندا درووستدەبێت.، بەڵام بە ڕای **وێبەر** (١٩٦٨)، دەسەڵاتی ئابووری بە تەنها ناتوانێت بەتەواوی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی ڕوونبکاتەوە، بەڵکو پێویستە شێوازەکانی دیکەی دەسەڵات و شکۆی کۆمەڵایەتیش لەبەرچاوبگیرێ، کەوایە ئابووری وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگرێت لە چۆنیەتی دابەشبوونەوە ی گروپەکۆمەڵایەتییەکان و دەرکەوتنی چینایەتی لە نێوان چین و توێژەکۆمەڵایەتییەکان.(Marx, 1847 cited in Andrew, 1975) .

### ١-بەیەکداچوون:(Intersectionality)

بەپێی ڕوانگەی بەیەکداچوون، پلەبەندیی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی بەیەکداچوونێکی ئاڵۆزی فرە هۆکار، بە هۆکار ئابوورییەکانیشەوە، درووستدەبێت. ئەوانەی ئەم ڕوانگەیەیان هەڵگرتووە ڕوونیدەکەنەوە کە چۆن ناسنامە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، وەک ڕەگەز، جێندەر، نەتەوە و سێکسواڵیتی، لەگەڵ دۆخی ئابووری یەکدەگرن و ئەزموونی نایەکسانی درووستدەکەن .(Abercrombie & Urry, 1983) هەر بەپێی ئەم ڕوانگەیە، دەکرێت تاکەکان ڕووبەڕووی چەندین جۆری زیان ببنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی درووستبوونی شێوازی ئاڵۆزی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە لەو پەتایەی ئەم دواییەدا کۆرۆنا، دەرکەوت ئەو کۆمەڵگانەی کەمدەرامەت بوون و سەرچاوەی پێویستیان لەبەردەستدا نەبوو، ڕێژەی مردن تیایاندا بەرزتر بوو بە بەراورد بە کۆمەڵگە دەوڵەمەندترەکان (Gutierrez et al, 2022) هەروەها بە بەراورد بە کەسە دەوڵەمەندەکان، ڕێژەیەکی زیاتری کەسە کەمدەرامەتەکان تووشی زیانی دارایی بێئەندازە بوونەوە، لە مێژە ڕەگەز وەک یەکێک لە ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان هەژمارکراوە و بۆشایی سامان لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکان دەردەخات. بەپێی مکینتۆش، مۆس، نەن و هاوەڵەکانیان (٢٠٢٠)، سامانی خێزانە سپییپێستەکانی ئەمریکا دە هێندە لە سامانی خێزانە ڕەشپێستەکان زیاترە. ئەو خێزانانەی داهاتیان کەمە و ڕێژەی هەژاری تیایاندا بەرزە دەرفەتەکانی ژیانیان سنووردارە، لەبەرئەوەی کەمتر دەتوانن سوود لە دەرفەتەکانی وەک خوێندنی باڵا و چاودێریی تەندروستیی تایبەت وەربگرن.(Parker, Horowitz & Brown, 2020).

### ٢-سەرمایەی مرۆیی:

بەپێی ڕوانگەی سەرمایەی مرۆیی، ئەوەی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات بریتییە لە وەبەرهێنانی تاکەکان لە بوارەکانی وەک خوێندن، کارامەییەکان و ڕاهێناندا، بەپێی ئەم ڕوانگەیە ئەو تاکانەی خاوەن سەرمایەی مرۆیی زیاترن ئەگەرێکی زیاتریان هەیە کاریان بە مووچەی زۆرەوە دەستبکەوێت و پێگەی کۆمەڵایەتیشیان بەهێزتر بێت. هەروەها، کاریگەری ئەم وەبەرهێنانە لەوەدایە کە تاکەکان دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت سامان کۆ بکەنەوە و ئاسۆی درێژخایەنیان ڕوونتر بکەن . ئەم ڕوانگەیە جەخت لە گرنگی ڕۆڵی پەرەپێدانی پەروەردەیی و کارامەییەکان لە کەمکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتیدا دەکاتەوە، لەبەرئەوەی لەڕێی وەبەرهێنانەوە لە خوێندندا، بۆ نموونە، تاکەکان دەتوانن دەرفەتی زیاتری ژیانیان بۆ برەخسێت ئەم قسەیە بۆ دامەزراوەیەکیش، کە چۆن کارمەندەکانی وەک سەرمایەی دامەزراوەکە دەبینرێن، دروستە .(Armstrong & Baron, 2007) بەڵام، دواجار ئەوەی گرنگە سامانی مرۆیی تاکەکانە، چونکە کرێکار خۆی بڕیار دەدات لە کوێ کاربکات و زۆرجاریش ئەو کۆمپانیایانە هەڵدەبژێرێت کە خزمەتی دارایی باشتری پێشکەشدەکەن، بەڵام گەشەسەندنەکان لە بواری تەکنەلۆجیادا وایانکردووە سامانی مرۆیی تاکەکان هێندەی ئەوەی لە ڕابردوودا هەبوو گرنگ نەبێت، .لەگەڵ ئەمەشدا زۆرێک لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان شوێنی کارەکانیان بە کرێکاری ئەو وڵاتانە پڕ دەکەنەوە کە پارەی کەمتر بە کرێکارەکانیان دەدەن. لیبراڵە نوێیەکان پشتگیری لەمە دەکەن؛ پسپۆڕانی ڕوانگەی لیبراڵی نوێ پێیانوایە بنەماکانی بازاڕی ئازاد و دەستێوەردانی سنووورداری حکومەت گەشەی ئابووری بەرەوپێشدەبەن، ئەمەش دواجار بە سوودی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەشکێتەوە. لیبراڵە نوێیەکان باوەڕیانوایە پلەبەندی کۆمەڵایەتی دەرەنجامێکی سروشتی هێزەکانی بازاڕن و ئەو سیاسەتانەی بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی دەگیرێنەبەر بۆی هەیە ڕێگری لە کارایی و گەشەی ئابووری بکەن، سەرەڕای ئەوەش هێشتا تاکەکان بۆ دوو گرووپ پۆلێندەکرێن: ئەوانەی کارمەندی پلەباڵان و مووچەی زۆر وەردەگرن و ئەوانەشی کە کارامەیی و زانیارییەکانیان لە ڕووی ئابوورییەوە خواستیان لەسەر نییە و لە دۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نزمتردان (Harrington, 2016; Lareau, 2003).

گرنگە بزاندرێت کە بواری پلەبەندی کۆمەڵایەتی لە گۆڕاندایەو و بەردەوام توێژینەوەی نوێی لەسەر دەکرێت. شارەزایان لە چەندین بوار و تێڕوانینی تیۆریی جیاوازەوە لەم بابەتە ئاڵۆزانە دەڕوانن و تێگەیشتنێکی زۆر گشتگیرتر لەسەریان دەخەنەڕوو، لەگەڵ پەرەسەندنی توێژینەوەکاندا ئەگەری هەیە دیبەیت و گفتوگۆی زیاتریش لەسەر بابەتی پەیوەندیی نێوان هۆکارە ئابوورییەکان و پلەبەندیی کۆمەڵایەتی بکرێت.

### ٣ -نایەکسانیی ئابووری:

شارەزایان چەندین پێوەریان بۆ هەژمارکردن و بەراوردکردنی نایەکسانیی ئابووری لە نێوان تاک، خێزان، هەرێم و وڵاتەکاندا داناوە. یەکێک لەو پێوەرانەی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت بریتییە لە ڕێژەی جینی(Gini coefficient) ، کە دابەشبوونی داهات یان سامان لەسەر پێوەرێک لە(٠-١) (یەکسانی تەواوەتی) بۆ ١ (زۆرترین نایەکسانی) هەڵدەسەنگێنێت. پێوەرەکانی تر بریتین لە ڕێژەی پاڵما(Palma ratio) ،

پێوەرەکانی ئاتکینسن (Atkinson index) و ڕێژەی سەدی (percentile ratios).ئەم پێوەرانە یارمەتی توێژەران دەدەن بەدواداچوون بۆ ئەو گۆڕانکارییانە بکەن کە بە تێپەڕبوونی کات لە یەکسانیدا ڕوودەدەن، هەروەها بەراوردی ئاستەکانی نایەکسانی لە هەموو شوێنە جیاوازەکاندا بکەن.

توێژەران لێکۆڵینەوەیان لە دەرەنجامە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی نایەکسانیی ئابووری کردووە و بۆیاندەرکەوتووە، کە نایەکسانیی ئابووری کۆمەڵێک دەرەنجامی نەرێنی هەیە، لەوانەش لاوازبوونی پێگەی تاکەکان، بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان، کەمبوونەوەی متمانە و تەبایی کۆمەڵایەتی و دەرەنجامی تەندروستیی خراپ (Xu & Marandola, 2023).لە هەر کۆیێەک نایەکسانیی کۆمەڵایەتی زۆر بێت، خەڵک متمانەیەکی کەمتریشی بە حکومەت دەبێت (Gould & Hijzen, 2016, Paskow & Dewilde, 2012)، هەروەها بە ئەگەری زۆریشەوە ناسەقامگیریی سیاسییش هەڵدەکشێت .(Kuhn et al, 2016) جگە لە دروستکردنی ململانێ و ناکۆکیی کۆمەڵایەتی، دەکرێت تەمەنی خەڵک کورتتر و ژیانیشیان ناخۆشتر بکات (Alesina, Di Tella & MacCullough, 2004; Pickett & Wilkinson, 2010). ، ئەو کاریگەرییەی نایەکسانی، کە لە ڕێگەی ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەسەر ژیانی خەڵک هەیەتی، دەکرێت تەبایی کۆمەڵایەتی لەناوببات. ئەوانەی کە بە تێگەیشتنی خۆیان نادادپەروەرییان بەرامبەر کراوە، بۆی هەیە کارێک بکەن کە دەرەنجامی کۆمەڵایەتیی نەرێنیی بەدوای خۆیاندا بهێنێت (Bigoni, Bortolotti & Nas Ozen, 2021; Grossman & Komai, 2013).ئەمەش بە دڵنیاییەوە دەتوانرێت لە زیادبوونی ڕێژەی تاوانەکاندا هەستپێبکرێت.

دەکرێت نایەکسانی کۆمەڵایەتی ببێتە هۆی دروستبونی کێشەی ئابووری، وەک ڕاوەستانی گەشەی ئابووری و کەمبوونەوەی ژمارەی داهێنانەکان. نایەکسانی گەشەی ئابووری لاواز دەکات، بەهۆی ئەو کاریگەرییەی لەسەر وەبەرهێنان و سەقامگیری کۆمەڵایەتی-سیاسی هەیەتی (Madsen, Islam & Doucouliagos, 2018; Seo, Kim & Lee, 2020)، بەڵام بۆچوونی دیکەش هەن کە پێیانوایە نایەکسانی تەنیا گەشەی ئابووریی وڵاتە دەوڵەمەندەکان ڕادەوەستێنێت و هیی وڵاتە هەژارەکان بەرەوپێش دەبات .(Brueckner & Lederman, 2018) لەو شوێنانەی نایەکسانی لە ئاستێکی بەرزدایە، دەکرێت تاوان و پشێوی ببنە هۆی بەفیڕۆدانی سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان(Barro, 2000) ، ئەگەریشی هەیە نادڵنیایی ئابووریش زیادبکات، ئەمەش حکومەتەکان ناچاردەکات سیاسەتی بەشکردنی دادپەروەرانە بگرنە بەر تا بتوانن سەقامگیری لە کۆمەڵدا فەراهەمبکەن، ئەمەش لە ئەنجامدا ڕێگە بۆ گەشەکردنی ئابووری خۆشدەکات .(Shen & Zhao, 2022) تێگەیشتن لە دەرەنجامەکانی نایەکسانی یارمەتیماندەدات دەست بە گفتوگۆکردن دەربارەی گرنگی کەمکردنەوەی نایەکسانی و پێشخستنی سیاسەتی گشتگیر بکەین.

شارەزایان و نەخشەدارێژەران چەندین ڕێکار و سیاسەتی جۆراوجۆریان بۆ چارەسەرکردنی نایەکسانیی ئابووری پێشنیازکردووە، کە بریتین لە زیادکردنی باج بەپێی زیادبوونی داهات، سیاسەتی بەشکردنی دادپەروەرانە، ڕێکخستنی بڕی کەمترین مووچە، وەبەرهێنان لە پەروەردە و ڕاهێنانی کارامەییدا، تۆڕی بیوەیی کۆمەڵایەتی (بۆ کۆمەککردنی ئەوانەی لە دۆخی زۆر دژواردان) و بەرنامەکانی بەگژداچوونەوەی هەژاری .(Anderson, Jalles d'Orey, Duvendack et al., 2016) توێژەران لێکۆڵینەوەیان لە کاریگەریی ئەم جۆرە ڕێکارانە لەسەر کەمکردنەوەی نایەکسانی و بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی کردووە، هەروەها لێکۆڵینەوەیان لە پەیوەندیی نێوان گەشەی ئابووری و کەمکردنەوەی نایەکسانی کردووە، ئەمەش لە پێناوی دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەنێوان دەرفەتی دادپەروەرانە و خۆشگوزەرانی ئابووریدا. (Stronks & Mackenbach, 2006).

## دووەم/ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان:

ڕوانگەی کۆمەڵایەتی جەخت لە کاریگەری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پەروەردە، خێزان، سیستمە یاساییەکان و بازاڕی کار لەسەر پلەبەندی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. دەکرێت دامەزراوەکان ببنە هۆی بەهێزکردن یان لاوازکردنی نایەکسانیی ئابووری، ئەویش لەڕێی ڕێگەخۆشکردن بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە و دەرفەتەکان و پتەوکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە دەکرێت پەروەردە ڕێکارێک بێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی، چونکە زۆرجار پەروەردە نایەکسانییان دەردەخات و تۆختریشیان دەکاتەوە .(Walker, Pearce, Boe et al, 2019) دەرفەتی نایەکسان بۆ گەیشتن بە خوێندنی جۆریتی بەرز بە سوودی ئەو کەسانە دەشکێتەوە کە لە خێزانە خۆشگوزەرانەکانن و دەرفەتی ئەو کەسانەش سنووردار دەکات کە لە چین و خێزانە هەژارەکانن، بە هەمان شێوە دەکرێت پێکهاتەی خێزانی و میراتی، پلەبەندیی کۆمەڵایەتی بەهێز بکەن، ئەویش لەڕێی بەجێهێشتنی سەروەت و سامان لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت ئەو سیستەمە یاساییانەی کە لایەنگیری یان جیاکاری دەکەن بەردەوامی بە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بدەن، ئەوەش لەڕێی سوودگەیاندن بە تاقمێکی دیاریکراو و پەراوێزخستنی ئەوانی ترەوە.

### ١-پەروەردە

پەروەردە دامەزراوەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتییە و کاریگەری لەسەر پلەبەندیی کۆمەڵایەتی هەیە. توێژەران توێژینەوەیان لەسەر پەیوەندیی نێوان پەروەردە و چینی کۆمەڵایەتی کردووە؛ لێکۆڵینەوەیان لەوە کردووە کە چۆن دەکرێت دەستگەیشتن بە خوێندنی جۆرێتی بەرز و تەواوکردنی بەرزترین ئاستی خوێندن کاریگەرییان لەسەر پێگەی تاک لە کۆمەڵدا هەبێت. توێژینەوەکان دەریانخستووە دەرفەتی نایەکسانی خوێندن دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەو کەسانەی لە خێزانی خۆشگوزەرانەوە دێن باشتر دەستیان بە سەرچاوە و خوێندن لە خوێندنگەی ئاستبەرزدا دەگات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی دەرەنجامی ئەکادیمی و دەرفەتی کۆمەڵایەتیی باشتر. ۆکەر و هاوەڵەکانی (٢٠١٩) بڕوایانوایە کە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا، بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان ژمارەی ئەو منداڵە هەژار و دەوڵەمەندانەی کە خوێندنی ناوەندی تەواو دەکەن؛ بۆیان دەرکەوت کە تەنها ٧٥٪ی منداڵانی خێزانە هەژارەکان خوێندنەکەیان تەواو دەکەن بە بەراورد بە٩٠٪ی منداڵانی ماڵە دەوڵەمەندەکان. .(Walker, Pearce, Boe et al, 2019) ئامارەکان لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا خراپترن؛ منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندەکان حەوت هێندە زیاتر ئەگەری تەواوکردنی خوێندنی ناوەندییان هەیە بە بەراورد بە منداڵانی خێزانە هەژارەکان. واتە، دەکرێت کاریگەریی دەرفەتی نایەکسان لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە لەسەر منداڵان دەربکەوێت، چونکە خوێندن وەک یەکێک لە ڕێگەکانی دەربازبوون لە هەژاری سەیر دەکرێت. خوێندن دەتوانێت داهاتی تاک زیاد بکات و لە دەرەنجامدا هەژاری کەم بکاتەوە، بەڵام ۆکەر و هاوەڵەکانی (٢٠١٩) بڕوایانوایە کە خوێندن دەتوانێت پێگەی کۆمەڵایەتیش بەهێز بکات، چونکە ئەگەر منداڵێک بەردەوام بێت لە خوێندن و بچێتە

زانکۆ، دەتوانێت بە منداڵانی سەرجەم پاشخانە جیاوازەکانی تر ئاشنا بێت و تێکەڵیان بێت. بەداخەوە، زۆرینەی خێزانە هەژارەکان توانای ئەوەیان نییە منداڵەکانیان بنێرنە زانکۆکان.

سەرەرای ئەوەش، توێژەران لێکۆڵینەوەیان لە کاریگەریی سیستەمەکانی بەدواداچوونکردن و جیاوازیی بودجەی خوێندنگەکان و سیاسەتی کرداریی ئەرێنی لەسەر نایەکسانیی پەروەردەیی کردووە، بۆ نموونە، شیندلەر، بار-هایم، بارۆن و هاوەڵەکانیان (٢٠٢٣) شیکارییان بۆ سیستەمەکانی بەدواداچوونکردن کرد، کە تیایایدا خوێندکاران، بۆ مەبەستی فێرکردن، بەسەر چەند گرووپێکدا دابەشکرابوون. سەیری زانیاری شەش وڵاتی ئەوروپییان کرد و زانیارییەکانیان بەکارهێنا بۆ شیکردنەوەی دەرەنجامە دوورمەوداکانی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. لە ئەنجامدا، توانییان کاریگەریی خوێندن لەسەر پیشەی ئاینده دەربخەن و گەیشتن بەو ئەنجامەی کە جیاوازی لە خوێندنی ناوەندیدا رۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی کەسێک بە خوێندنی باڵا یان خوێندنی پیشەیی دەگێڕێت. ئەوەی کە تا چەند تەواوکردنی خوێندن وای لە منداڵانی چینەکانی خوارەوە کردووە لە ئایندەدا کاری باشتریان دەستبکەوێت بەپێی وڵاتەکان جیاوازە (Ballarino & Bernardi, 2016)سەرەرای ئەمەش، هێشتا خوێندن وەک بڕیاردەرێکی چارەنووسسازی ئامانجەکانی ئایندەی منداڵ سەیر دەکرێت.

وەک ئاشکرایە، ئەوانەی خوێندنی باڵا تەواو دەکەن کاری باشتریان دەستدەکەوێت، بەڵام ئەوەی کەسەکە بڕی چەند پارە پەیدا دەکات بەندە لەسەر ئەوەی ئەو کەسە لە چ بوارێکدا خوێندوویەتی. بۆ نموونە، ئەوانەی خوێندنی بەشی ئەندازیاری، پزیشکی و ئابووری دەخوێنن پارەی زیاتر پەیدا دەکەن بە بەراورد بەوانەی بەشی هونەر دەخوێنن. بەڵام، هێشتا کوڕ و کچانی خێزانە دەوڵەمەندەکان دەتوانن پارەی زیاتر لە کوڕ و کچانی خێزانە کەمدەرامەتەکان پەیدا بکەن، تەنانەت ئەگەر هەمان بڕوانامەشیان بەدەستهێنابێت (Farquharson, McNally & Tahir, 2022).ئەوانەی لە خێزانی خۆشگوزەرانن ئاستێکی بەرزتر بەدەستدەهێنن، هەرچەند هۆکاری تری وەک پەیوەندیی خێزانی و چالاکییەکانی منداڵان لە دەرەوەی خوێندنگەکان کاریگەرییان لەسەر بەدەستهێنانی ئەم ئاستە بەرزە هەیە (Farquharson et al, 2022).

بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەی نایەکسانی لە پەروەردەدا، زۆرێک لە وڵاتان هەوڵیانداوە سیاسەتی کرداری ئەرێنی پەیڕەو بکەن .(Gururaj, Somers et al, 2021) بەڵام، جێبەجێکردنی ئەم کارە لە زۆرینەی کاتەکاندا سوودی بە گەنجانی خێزانە زۆر هەژارەکان نەگەیاندووە، بەڵکو تەنها گەنجانی چینی ناوەڕاست لێی سوودمەند بوون؛ بۆ نموونە، لە ئەفریقای باشوور سیاسەتی لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتی گرنگی بە رەگەز دەدا و هانی گەنجانی رەشپێستی دەدا بچنە زانکۆکان، بەڵام ئەم بەرنامەیە پارەی بۆ خێزانە زۆر هەژارەکان دابین نەدەکرد تا بتوانن منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندنی باڵا (Keswell, 2003; Piron & Curran, 2005).حکومەتی ئەفریقای باشوور لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتی وەک کێشەیەکی رەگەزی دەبینی و رەهەندە ئابوورییەکەی پشتگوێ خستبوو. ئەمە بەو مانایە نایەت کە رەگەز هیچ رۆڵێک لە نایەکسانیی کۆمەڵایەتیدا ناگێڕێت، بەڵکو دەکرێت رەگەز هۆکارە سەرەکییەکە نەبێت. کاتێک دەسەڵاتدارانی هیندستان بۆ هەندێک لە کاستەکان سیاسەتی کۆتایان پەیڕەوکرد، دێشپاندێ و نیومان (٢٠٠٧) بۆیاندەرکەوت کە کوڕ و کچی خێزانە هەژارەکان بە کەمی هەمان ئەو دەرفەتی کارانەیان بۆ دەهاتە پێشەوە کە هاوتەمەنەکانیان لە خێزانە دەوڵەمەندەکان دەهاتە بەردەمیان، لەبەرئەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی خێزانەکانیان هێندەی ئەوانەی خێزانە دەوڵەمەندەکان بەهێز نەبوو.

### ٢-خێزان و میرات

دامەزراوەی خێزان رۆڵی لە پلەبەندیی کۆمەڵایەتی-دا هەیە، لەرێی میراتگرتنی سامان، ماڵوموڵک و سوودە کۆمەڵایەتییەکانەوە. توێژەران لێکۆڵینەوەیان کردووە کە چۆن بەجێهێشتنی سامان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دواتری ناو خێزانەکان بەردەوامی بە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی دەدات (Alvaredor, Gabatini & Piketty, 2017; Piketty & Zucman, 2015).میراتی سوود بەو کەسانە دەگەیەنێت کە لە خێزانی دەوڵەمەندن و دەرفەتەکانی ئەوانەش سنووردار دەکات کە لە خێزانی هەژارن. توێژەران لێکۆڵینەوەیان لە کاریگەریی باجی میرات، پلاندانان بۆ موڵکی میراتی و پێکهاتەی خێزانی لەسەر نایەکسانیی سامان و گۆڕانی پێگە لەنێو نەوەکاندا کردووە.

دەرکەوتووە ئەوانەی زانکۆیان تەواو کردووە پارەیەکی زۆر زیاتریان بۆ دەمێنێتەوە بە بەراورد بەوانەی ئاستێکی نزمتری خوێندیان بڕیوە رەنگە هۆکارەکە ئەوە بێت ئەوانەی لە خێزانی دەوڵەمەندن لە بنەڕەتدا زیاتر توانیویانە خوێندنی ئاستبەرز بخوێنن. تێبینی کراوە ئەوانەی لە بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئەمریکا خوێندنی باڵایان خوێندووە ئەگەری زیاتری هەبووە میراتی و دیاری وەربگرن بە بەراورد بە ئەوانەی لە ئێرلەندا و ئیتاڵیا خوێندوویانە، هەروەها بڕی میراتییەکەشیان زیاتر بووە (Nolan et al, 2020).زۆرینەی میراتییەکان بریتین لە موڵک و بزنس و بەپێی ئەنجامی توێژینەوەیەک، دەکرێت بەجێهێشتنی میراتی ببێتە هۆی کەمکردنەوەی نایەکسانیی سامان میرات گرنگییەکی زیاتری بۆ ئەو کەسانە هەیە کە لە خێزانە کەمدەرامەتەکانن، بەڵام بەهۆی ئەو باجەی لە میراتی وەردەگیرێت نایەکسانیی سامان درووستدەبێت و میراتییەکە ئەو بەهایەی نامێنێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوانەی لە خێزانی کەمدەرامەتن بە بەراورد بە خێزانە دەوڵەمەندەکان بە رێژەیەکی زیاتر باجی میرات دەدەن (Elinder et al, 2018).

### سێیەم/سیستەمی یاسایی:

دەکرێت سیستەمی یاسایی رەنگدانەوەی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی بێت و بەهێزیشی بکات. بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی رەگەز، جێندەر، دۆخی ئابووری-کۆمەڵایەتی، توێژەران لێکۆڵینەوەیان لە رۆڵی سیستەمی یاسایی لە بەردەوامیدان بە نایەکسانییەکان کردووەتەوە. توێژەران لەو مامەڵەکردنە جیاوازانەیان کۆڵیوەتەوە کە لە سیستەمی دادوەریی تاوانکاریدا لەگەڵ گرووپە پەراوێزخراوەکاندا دەکرێت. هەروەها سەیری کاریگەریی ئەو رێکار و یاسایانەشیان کردووە کە جیاکارییان تێدایە. جگە لەمانەش، لێکۆڵینەوەشیان لە رۆڵی داکۆکی یاسایی لە چارەسەرکردنی نایەکسانیی کۆمەڵایەتیدا کردووە. فرانک (٢٠١٩) پیشانیدەدات کە چۆن بەهۆی نایەکسانیی داهاتەوە، زۆرێک لە خەڵکانی ئەمەریکا ناتوانن سوود لەو یاسا ئەمەریکییانە وەربگرن کە لە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەیانپارێزن؛ ئەو خەڵکانە ناتوانن پارەی پارێزەر بدەن تا لە هەر ناکۆکییەک و کێشەیەکی یاساییدا نوێنەرایەتییان بکات. کەسە زۆر هەژارەکان زۆرجار دەتوانن یارمەتیی یاسایی وەربگرن، بەڵام ئەوانەی لە چینی ناوەڕاستن لە دۆخێکی خراپتردان، چونکە هێندە دەوڵەمەند نین بە پارەی خۆیان پارێزەر بگرن، هێندەش هەژار نین یارمەتیی یاسایی بیانگرێتەوە (Alvaredor, Gabatini & Piketty, 2017; Piketty & Zucman, 2015).

سەرەڕای ئەمەش، ئەوە پێکهاتەی یاسایی وڵاتەکە خۆیەتی کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی نایەکسانیی. باریۆلا، دیفەینز و موسی و هاوەڵەکانیان (٢٠٢٢) پێیانوایە لە هەر شوێنێک نارێکخراوی هەبێت، بە ئەگەرێکی زۆرترەوە نایەکسانیی داهات زیاتر دەبێت. ئەمە بۆ بابەتی نایەکسانی جێندەرییش، کە زۆربەی جار پەیوەست دەکرێت بە داهاتەوە، هەر درووستە، کاتێک وا دادەنرێت کە ژنان هەمان توانای پارەپەیداکردنی پیاوانیان نییە .(Figueroa, Dabetic, Yuste et al, 2023). کۆمەڵگە پیاوسالارەکان بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دەسەڵاتێکی زیاتریان لە پانتاییە کۆمەڵایەتییەکەدا بە پیاوان داوە و لە زۆرینەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا یاساکان بە باڵای پیاوە سپیپێستەکاندا دووراون. بۆیە جیاکاریکردن لە جێندەر و چینی کۆمەڵایەتیدا، هەندێک جار نایەکسانی لە پاراستنی یاساییدا زیاتر کردووە .(Cooper, 1993) بۆ نموونە، کارکردن لە ماڵاندا زۆربەی کات نافەرمییە و بە یاسا ڕێک نەخراوە، بۆیە کاتێک ژنان، بە زۆری ئەوانەی لە چینی خوارەوەن، لە ماڵاندا کار دەکەن زۆر بە کەمی یاسا مافیان دەپارێزێت(Figueroa et al, 2023) .

## ١-سیاسەتی بازاڕی کار

بازاڕی کار دامەزراوەیەکی گرنگە و کاریگەری لەسەر پلەبەندیی کۆمەڵایەتی هەیە. توێژەران لێکۆڵینەوەیان لەوە کردووە کە چۆن هۆکاری وەک جیاکاریی پیشەیی، نایەکسانیی مووچە، جیاکاری و دەرفەتی نایەکسانی کارکردن دەبنە هۆی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. توێژەران لێکۆڵینەوەیان لە کاریگەریی جێندەر، ڕەگەز و ناسنامەی دیکەی کۆمەڵایەتی لەسەر هەلی کار، مووچە و پلەبەرزکردنەوە کردووە. هەروەها لێکۆڵینەوەشیان لەوە کردووە کە چۆن پەیوەندیی نێوان تۆڕی کۆمەڵایەتی و بڕوانامە و چینی کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی دەرەنجامەکانی بازاڕی کار هەیە.

وەک لە پێشتردا ئاماژەی پێدرا، ئەوانەی لە خێزانی هەژارن یان بڕوانامەی نزمیان هەیە ناتوانن بەئاسانی کاریان دەستبکەوێت. هەندێک پیشە بەهایان لە پیشەکانی تر زیاترە و ئەم بەهایەش کۆمەڵگە درووستیکردوون. چینی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بێکاریدا هەیە (Goldthorpe, 2007) لەبەرئەوەی چیتر کاری جەستەیی ئەو بایەخەی نەماوە و جێگرەوەی بۆ پەیدا بووە .(Tahlin, 2007) توێژینەوەکەی گۆڵدثرۆپ و مکنایت (٢٠٠٦) دەریخست کە جیاوازییەکی گەورە لە چینی کۆمەڵایەتیی ئەوانەدا هەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بێکارن، چونکە هەڵبەزودابەزی ئابووری زیاتر کاریگەریی لەسەر ئەوانە درووستدەکات کە کاری جەستەیی ئەنجام دەدەن.

خوێندن تا ڕادەیەک خەڵک لە بێکاری ڕزگار دەکات(Klein, 2015) ، چونکە، وەک جێشتوایزن، سۆلگا و کونستەر (٢٠١١) باسیدەکەن، ئەوانەی ئاستی خوێندەوارییان بەرزە دەتواندرێت بەئاسانی ڕاهێنانیان پێبکرێت. توێژینەوەیەک لەسەر بازاڕی کار لە فینلەندا پیشانیدەدات لە ماوەی ٥٠ساڵی ڕابردوودا ژمارەی ئەوانەی کاری جەستەیی دەکەن لە داکشاندا بووە، لە کاتێکدا ژمارەی ئەوانەی کاری جەستەیی ناکەن لە بەرز بوونەوەدا بووە .(Fernandes-Macias & Hurley, 2016) لەبەرئەوەی تێکڕای ئاستی خوێندنیش بەخێرایی بەرز بووەتەوە، بۆ دەستکەوتنی کار جگە لە خوێندن هەندێک لێهاتوویی و کارامەیی تریش بوونەتە پێویستی

ئەمانە تەنها چەند تێڕوانینێکی سەرەکیی کەمن لەسەر پەیوەندیی نێوان هەلی کار و پلەبەندیی کۆمەڵایەتی. شارەزایان لە بوار و پێشینەی تیۆری جیاوازەوە تێڕوانینی جیاوازیان بۆ تێگەیشتنمان لەم پەیوەندییە ئاڵۆزە پێشکەشکردووە. پێکەوەبەستنەوەی ئەم تێڕوانینانە یارمەتیماندەدات تێبگەین کە چۆن هۆکارە ئابوورییەکان لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان یەکدەگرن و وادەکەن سەرچاوە و دەرفەتەکان لە کۆمەڵدا بەنایەکسانی دابەش ببن. بە شێوەیەکی گشتی، تێڕوانینەکانیان تێگەشتنێکی قوڵتریان درووستکردووە دەربارەی ئەوەی کە چۆن نایەکسانیی کۆمەڵایەتی یەکانگیر لەگەڵ بوارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا پێکهاتەی کۆمەڵگەکان دروستدەکەن (Lahtinen, . Sirnio & Martkainen, 2018).

## ٢-نایەکسانیی جیهانی

لە کاتێکدا توێژینەوەیەکی زۆر لەسەر نایەکسانی لەسەر ئاستی یەک وڵاتی دیاریکراودا کراوە، وردەوردە مەیل بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر نایەکسانیی جیهانییش لە گەشەسەندندایە. لەبەرئەوەی وڵاتە دەوڵەمەندەکان سوود لە هێزی کاری هەرزانی وڵاتە دواکەوتووەکان وەردەگرن، زیاتر دەتواندرێت هۆکارە ئابوورییەکان لە گۆشەنیگایەکی جیهانییەوە سەیربکەین. ئەو توێژەرانەی ڕوانگەیەکی جیهانییان هەڵگرتووە لێکۆڵینەوە دەکەن تا بزانن چۆن هۆکارە ئابوورییەکان لەنێو وڵاتان و سیستەمی ئابووریی جیهانیدا دەبنە هۆی درووستبوونی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی. ئەوان لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی وەک بازرگانیی جیهانی، بەجیهانیبوون، وەبەرهێنانی بیانی و گەشەسەندنی ئابووری دەکەن، هەموو ئەمانەش کاریگەری لەسەر دابەشبوونی سامان و دەرفەتەکان لە ئاستێکی جیهانیدا دەکەن ,هەروەها لێکۆڵینەوەشیان لە کاریگەریی نایەکسانیی جیهانی لەسەر بابەتەکانی وەک شێوازەکانی کۆچکردن، سەقامگیری سیاسی و گەشەسەندنی بەردەوام کردووە .(Yuldashev, Khalikov, Nasriddenov et al, 2023)

## ٣-وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی

ڕاپۆرتی نایەکسانیی جیهانی (٢٠٢٢) باس لە دابەشبوونی سامان لە ناو کۆمەڵدا دەکات و پیشانیدەدات ڕێژەی ١٠٪ی سەرەوەی دانیشتووانی جیهان خاوەندارێتیی ٥٢٪ی داهاتی جیهان دەکەن. هەمان ڕاپۆرت ئەوەش دەخاتەڕوو کە ٥٠٪ی بۆ خوارەوە خاوەنی تەنها ٨,٤٪ی ئەم سامانەن. بەڵام، ئەمە هەمیشە بەهۆی ئەوەوە نییە کە ئابووریی وڵاتەکە خراپە؛ ئابووریی ئاسیا بەخێرایی لە گەشەکردندایە، بەڵام نایەکسانیی داهات لە فراوانبووندایە .(Yuldashev et al, 2023) بەشێکی زۆری ئەم نایەکسانییە پەیوەندیی بە سەرچاوەی سامانی وڵاتەکەوە هەیە. دەکرێت هاتنەوەناوەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی و دەرچوونی سەرمایە کاریگەری لە پلەبەندیی ئابووریی لەنێوان وڵاتاندا هەبێت. ئەو وڵاتانەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی تیایاندا زۆرە، زۆرجار لەڕووی ئابوورییەوە دەبووژێنەوە و گەشە دەکەن، چونکە وەبەرهێنانی بیانی سەرمایە، تەکنەلۆجیا و پسپۆڕی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ناوەوە. بەڵام، بۆی هەیە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی ببێتە هۆی چەوساندنەوەی کرێکار و قۆرغکردنی سەرچاوەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی نایەکسانیی ئابووری و تۆخکردنەوەی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی. کەواتە، بە ڕای هەندێک، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دەبێتە هۆی نایەکسانی بەڵام، هەندێک لە توێژینەوەکان پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن . (Chintrakam, Herzer & Nunnenkamp, 2012).یولداشێڤ و هاوەڵەکانی (٢٠٢٣) پێیانوایە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دەرفەت بۆ کرێکاران دەڕەخسێنێت لە کۆمپانیا فرەنەتەوەکاندا کار بکەن، بەمەش دەرفەتی زیاتری کاریان دێتە بەردەم و لە ئەنجامدا دەتوانن داهات بۆ خۆیان دابین بکەن.

هیچ نکۆڵییەک لەوە ناکرێت کە هۆکارە ئابوورییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە

دروستکردنی پلەبەندیی لە نێوان وڵاتاندا دەگێڕن، ئەمەش وا دەکات ببنە هۆی دروستبوونی نایەکسانیی بەرچاو لە گەشەی ئابووری، دابەشبوونی سامان و دەستگەیشتن بە سەرچاوەکان .(Cingano, 2014) دەردەکەوێت کە هۆکارە ئابوورییەکان، بەتایبەتی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتێک و ڕێژەی گەشەی ئابووری، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر خۆشگوزەرانی و گەشەسەندنی وڵاتەکە هەیە. ئەو وڵاتانەی بەرهەمی ناوخۆییان زۆرە سەرچاوەی زیاتریان لەبەردەستە بۆ پێشخستنی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان، گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری و وەبەرهێنان لە کەرتەکانی پەروەردە و چاودێریی تەندروستیدا. بە پێچەوانەوە، ئەو وڵاتانەی بەرهەمی ناوخۆییان کەمە زۆرجار ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکان دابینبکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و نادادپەروەری. نایەکسانیی داهات کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر گەشەی ئابووریی وڵات هەیە، لەبەرئەوەی تا بۆشاییی نێوان خێزانە دەوڵەمەند و هەژارەکان فراوانتر بێت، گەشەسەندنی تواناکانی ئەو کەسانەی لە خێزانی کەمدەرامەتن زیاتر سنووردار دەبێت .(Cingano, 2014) واتە، ئەوانەی لە خێزانی کەمدەرامەتن بایی ئەوەندە سوودیان لێ وەرناگیرێت کارەکانیان ببێتە هۆکاری زیادکردنی سامان.

هەرچەند دەکرێت بازرگانیی جیهانی دەرفەتی ئابووری بۆ ئەو وڵاتانە بڕەخسێنێت کە سەرچاوەی زۆر یان پیشەسازییەکی کێبڕکێکەریان هەیە، لەڕێی ڕێپێدانیان بە سوودوەرگرتن لە هەناردەکردن و وەبەرهێنانی بیانی، بەڵام ئەمە هەمیشە سوود بەو وڵاتانە ناگەیەنێت کە ئاستی داهاتیان نزمە. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیوەندیی بازرگانیی نایەکسان وا لەو وڵاتانە دەکات، کە سوودمەند نین لە سیستەمی ئابووریی جیهانی، وابەستە بن و لە ڕووی ئابوورییەوە گەشە نەکەن. ئەمەش پاڵپشتە بە تیۆری وابەستەیی، کە وەک دۆس سانتۆس (١٩٧٠) باسی دەکات، بریتییە لە وابەستەبوونی ئابووریی وڵاتێک بە فراوانبوونی ئابووریی وڵاتێکی ترەوە. واتە، کاتێک کە وڵاتێکی دواکەوتوو وابەستەیە بە پێداویستییەکانی وڵاتێکی پێشکەوتووەوە. ئەمە بەتایبەتی لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتەکاندا بڵاوبوو، کاتێک وڵاتە دەوڵەمەندەکان سەرچاوەی ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەوایی خۆیان، لەسەر حسابی ئابووریی ئەو ناوچانە، بۆ گەشەپێدانی ئابووریی خۆیان بەکاردەهێنا (Vermeulen, Vezina & Gokmen, .(2020لە دنیای ئەمڕۆدا هێشتا ئەم وابەستەییە هەیە و زۆرجار بۆ ڕوونکردنەوەی نایەکسانیی جیهانی سوودی لێ وەردەگیرێت.

## ٤-پیشەسازی و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجی

دەکرێت ئاستی پیشەسازی و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجی لە وڵاتدا کاریگەریی گەورە لە پلەبەندیی ئابووری بکات. بە شێوەیەکی گشتی، ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەی خاوەن پیشەسازی و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوون بەرهەمهێنەرترن و باشتریش دەستیان بە بازاڕە جیهانییەکان دەگات، ئەمەش واتە بەدەستهێنانی داهات و ژیانێکی باشتر بۆ هاونیشتمانییەکانیان. بە پێچەوانەوە، ئەو وڵاتانەی ئاستی پیشەسازی تیایاندا نزمترە ڕەنگە پشت بە ئابووریی کشتوکاڵیی تەقلیدی یان بە سەرچاوە سروشتییەکان ببەستن، ئەمەش واتە بەدەستخستنی داهاتێکی کەمتر و دەرفەتی ئابووریی سنووردار.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور سامانێکی زۆریان بەدەست هێنا، ئەمەش بووە مایەی باشکردنی بژێوی ژیان لەم وڵاتانەدا، بەڵام ئەوەی باجی ئەمەی دا هاووڵاتییان خۆیان بوون؛ شوێنی کارکردنی پیاوان و ژنان و منداڵان خراپ و نەگونجاو بوو، سەرەڕای ئەمەش دەبوو لە ڕۆژێکدا بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر کار بکەن .(Griffiths et al, 2012) ئەو تەکنەلۆجیایەی ئەو دەمە بەردەست بوو بڕی سامان و بەرهەمهێنانی شتومەکی گەیاندە ئاستێکی بەرزتر، بەم هۆیەشەوە بۆشاییەکی فراوانی سامان لەنێوان وڵاتە پیشەسازییەکان و ئەوانی تردا دروست بوو. بەڵام، هەندێک بڕوایانوایە کە وڵاتە پیشەسازییەکان بۆیە توانییان سامانێکی زۆر کۆ بکەنەوە، چونکە سوودیان لە سەرچاوەی وڵاتانی تری ناپیشەسازی وەردەگرت و بەمجۆرەش بوونە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەژاری لەو وڵاتانەدا.(Rostow, 1960)

ئەو سامانەی بەهۆی پیشەسازییەوە بەدەستهات گەشەی وڵاتە پیشەسازییەکانی خێراتر کرد، بەڵام دەکرێت دابەشبوونی داهات و سامان لە وڵاتدا پلەبەندیی کۆمەڵایەتی بگەیەنێتە دۆخێکی خراپتر .ئەو وڵاتانەی نایەکسانی لە دابەشبوونی داهات و سامان تیایاندا بڵاوە ڕەنگە تووشی هەژاری ببن و تاکەکانیان بەئەستەم بتوانن بە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزتر بگەن. دەکرێت هۆکارە ئابوورییەکان، وەک ڕێکارەکانی باجدان، بەرنامەکانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی بازاڕی کار، کاریگەری بکەنە سەر نایەکسانیی داهات و سەرمایە لەنێوان توێژە جیاوازەکانی دانیشتوواندا (Thomson, Hillier-Brown, Todd et al, 2018).

هۆکارە ئابوورییەکان کار لە توانای وەبەرهێنانی وڵات لە کەرتەکانی پەروەردە و چاودێریی تەندروستیدا دەکەن، ئەم کەرتانەش ڕۆڵی گرنگ لە گەشەپێدانی سەرمایەی مرۆیی و کەمکردنەوەی نایەکسانیدا دەگێڕن. ئەو وڵاتانەی ژێرخانی پەروەردەیی و چاودێری تەندروستییان بەهێزە هێزێکی کاری بەتواناتر و دانیشتوانێکی تەندروستتریان هەیە، ئەمانەش دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی ئابووریی زیاتر و باشترکردنی تەندروستیی کۆمەڵ .(Modi, 2022) کارکردنی سیستەمە داراییە جیهانییەکان، لەنێویاندا قەرزدانی نێودەوڵەتی، قەرز و بازاڕە داراییەکان، کاریگەرییان لەسەر پلەبەندییکۆمەڵایەتی لەنێوان وڵاتاندا هەیە. هۆکارە ئابوورییەکانی پەیوەست بە بارگرانیی قەرزکردن، بەردەستبوونی قەرز و قەیرانە ئابوورییەکان کێشەی گەورە بۆ سەقامگیریی ئابووری و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی دروستدەکەن، بەڵام پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکان ژێرخانی ئابوورییان بەهێز و نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی نێوان وڵاتانیشیان کەم کردووەتەوە. سەرەڕای ئەوەش، سندووقی دراوی نێودەوڵەتی (٢٠٢٠) هۆشداری دەدات لەوەی تەکنەلۆجیا نایەکسانی لەو وڵاتانەدا زیاتر دەکات کە سەرچاوەکانی داراییان بایی ئەوەندە زۆر نین بتوانن کەڵک لە تەکنەلۆجیا وەربگرن. ئەمە بۆ تاک و وڵاتە دواکەوتووەکانیش هەر ڕاستە و ڕەنگیشە بۆشاییی نێوان نەتەوە دەوڵەمەند و هەژارەکانیش فراوانتر بکات.

بەگشتی، هۆکارە ئابوورییەکان دەرەنجامی دوورمەودایان لەسەر پلەبەندی لەنێوان وڵاتان، گەشەی ئابووری، دابەشبوونی داهات، دەستگەیشتن بە سەرچاوەکان و ئاستی گەشەسەندنی گشتی هەیە. چارەسەرکردنی ئەم نایەکسانییە ئابوورییانە زۆربەی جار پێویستی بە هاریکاریی نێودەوڵەتی، سیاسەتی بازرگانی، هاوکاری گەشەپێدان و هەوڵدان بۆ پێشخستنی گەشەپێدانی بەردەوام و گشتگیری ئابووری لە جیهاندا هەیە. مەرج نییە هەموو کاتێک بتواندرێت ئەمانە بکرێن، بە تایبەتی لە کاتی قەیرانی ئابووریدا، وەک ئەوەی بەهۆی پەتای کۆڤید-١٩ەوە ڕووی دا .(Henry, 2022) ڕەنگە وڵاتە دەوڵەمەندەکانیش سەقامگیری ئابوورییان بکەوێتە مەترسییەوە و نەتوانن هاوکاریی وڵاتە هەژارەکان بکەن. واتە، دەشێت بۆشاییی نێوان وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەند فراوانتربێت.

## ئەنجام

چینایەتی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنی پلەبەندی تاکەکان یان گروپەکان لە کۆمەڵدا لەسەر بنەمای هۆکاری جۆراوجۆر. چەند هۆکارێک وەک سەرچاوەکانی پلەبەندی کۆمەڵایەتی دیاریبکەین لە وانەش هۆکاری ئابووری بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێت لە دیاریکردنی پلەو چینی کۆمەڵایەتی تاکەکان لە کۆمەڵدا. بە هۆی نایەکسانی سامان و داهات و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی داهات ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی دروستبوونی چینی کۆمەڵایەتی جیاواز و توخکردنەوەی چینایەتی لە نێوان چین و توێژەکۆمەڵایەتیەکاندا ، هەروەها هەر یەکە لە پەروەردەو پیشەی تاکەکان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە دەستنیشانکردنی چین و پلەی تاک لە کۆمەڵدا. لەڕووی پەروەردەوە ئاستی خوێندنی تاک و بڕوانامەکەی کاریگەری هەبووە لەسەر هەلی کار و جوڵەی کۆمەڵایەتی، زۆرجار بۆتە هۆی کاریگەربوونی پلەبەندی لە چوارچێوەی بونیادی کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها هەریەک لە ڕەگەز و نەتەوەو پاشخانی خێزانی و هۆکارە کولتورییەکانی وەک نۆرم و بەهاکان کاریگەرییان هەبووە لەسەربە هێزی و لاوازی پلەبەندی کۆمەڵایەتی. یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە زۆر باوە لە کۆمەڵگاکاندا دەسەڵاتی سیاسیە لە کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە سیاسیەکان و بڕیاردانا. دەتوانێت کاریگەری لەسەر چینایەتی کۆمەڵایەتی هەبووە. بە پێیەی ئەوانەی لە دەسەڵاتدان زۆرجار یاساو سیاسەتێک دادەڕێژن لە پێناو سودگەیاندن بە گروپەکانی خۆیان، ئەم سەرچاوانە بە شێوازی ئاڵۆز کارلێک لەگەڵ یەکتریدەکەن و دەبنە هۆی بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی بەردەوام لە کۆمەڵدا.

## سەرچاوەکان


### عەرەبی :

ابراهيم عيسى عثمان،مقدمه علم الاجتماع، دار الشروق والتوزيع،٢٠١٨: لا٢٧٨

اسماعيل عبدلفتاح عبدلكافى، الموسوعه الاقتصاديه والاجتماعيه ،مركزالاكسندريەللكتاب، ٢٠٠٥: لا٥٤

معن خليل العمر، معجم علم الاجتماع المعاصر، عمان دار الشروق، ٢٠٠٦: لا٤٠٢

### ئینگلیزی:

Alesina, A., Di Tella, R., & MacCulloch, R. (2004). Inequality and happiness: Are Europeans and Americans different? Journal of Public Economics,88(9), 2009–2042

Alvaredo, F., Garbinti, B. & Piketty, T. (2017), On the share of inheritance in aggregate wealth: Europe and the USA, 1900-2010, Economica 84: 239–60.

Anderson, E., Jalles d'Orey M. A., Duvendack, M. & Esposito, L. (2016). What policies and interventions have been strongly associated with changes in in-country income inequality? EPPI-Centre, Social Science Research Unit, Institute of Education, University of London

Armstrong, M. & Baron, A. (2007) Human Capital Management, Achieving Added Value through People. London: Kogan Page Limited.

Ballarino, G. & Bernardi, F. (2016) The intergenerational transmission of inequality and education in fourteen countries: A comparison. In: Bernardi F, Ballarino G (eds) Education, Occupation and Social Origin: A Comparative Analysis of the Transmission of Socio-Economic Inequalities. Cheltenham: Edward Elgar, pp. 255–282.

Barro, R. J. (2000). Inequality and growth in a panel of countries. Journal of Economic Growth, 5(1), 5–32.

Bigoni, M., Bortolotti, S., & Nas Özen, E. (2021). Economic polarization and antisocial behavior: An experiment. Games and Economic Behavior,126,387–401.

Brueckner, M., & Lederman, D. (2018). Inequality and economic growth: The role of initial income. Journal of Economic Growth, 23(3), 341–366.

Chintrakarn, P., Herzer, D., & Nunnenkamp, P. (2012). FDI and income inequality: Evidence from a panel of US states. Economic inquiry, 50(3), 788–801

Cingano, F. (2014), Trends in Income Inequality and its Impact on Economic Growth, OECD Social, Employment and Migration Working Papers, No. 163, OECD Publishing

Collins, P. H. (2001). Black feminist thought: Knowledge, consciousness, and the politics of empowerment. New York: Routledge.

Cooper, D. (1993) An engaged state: sexuality, governance, and the potential for change. Journal of the Law Society, 20:257–276

Duncan, G. and Murnane, R. (Eds.). (2011). Whither opportunity?: Rising inequality, schools, and children's life chances. New York: Russell Sage Foundation.

Elliot Major, L and Machin, S. (2018) Social Mobility and Its Enemies, London: Pelican Books.

Eon, C. (2023) Social Stratification: Definition, types and examples. [Online] Available from: https://simplysociology.com/social-stratification-definition-types-examples.html (Accessed 21/07/23)

Fasang, A. & Aisenbrey,S. (2022). Uncovering Social Stratification: Intersectional Inequalities in Work and Family Life Courses by Gender and Race, Social Forces, 101 (2), 575–605

Fasang, A. & Aisenbrey,S. (2022). Uncovering Social Stratification: Intersectional Inequalities in Work and Family Life Courses by Gender and Race, Social Forces, 101 (2), 575–605

Fernández-Macías, E. & Hurley, J. (2016). Routine-biased technical change and job polarization in Europe. Socio-Economic Review 15(3): 563–585.

Figueroa, E., Dabetić, V., Yuste, R.P., Saeidzadeh, Z. (2023). Gender and Structural Inequalities from a Socio-Legal Perspective. In: Vujadinović, D., Fröhlich, M., Giegerich, T. (eds) Gender-Competent Legal Education. Springer Textbooks in Law. Cham: Springer

Kiernan, K. & Mensah, F. (2010). Partnership Trajectories, Parent and Child Well-Being. In: Hansen K, Joshi H, Dex S, editors. Children of the 21st Century: The First Five Years. Bristol: The Policy Press, pp. 77–94.

Klein, M, (2015) The increasing unemployment gap between the low and high educated in West Germany. Structural or cyclical crowding-out? Social Science Research 50: 110–125.

Koski, J.E., Xie, H. & Olson, I.R. (2015). Understanding social hierarchies: The neural and psychological foundations of status perception. Social Neuroscience. 10(5), 527-50

Kuhn, T., van Elsas, E., Hakhverdian, A., & van der Brug, W. (2016). An ever wider gap in an ever closer union: Rising inequalities and euroscepticism in 12 West European democracies, 1975–2009.Socio-Economic Review,14(1), 27–45

Kumar A. (2022). Union budget 2021 and economic growth: Inclusion and exclusion in emerging India. The International Journal of Community and Social Development, 4(1), 127–135.

Lahtinen, H., Sirniö, O., & Martikainen, P. (2020). Social class and the risk of unemployment: Trends, gender differences and the contribution of education. Acta Sociologica, 63(3), 303–321.

Lee, C., Lee, C. & Cheng, C. (2020). The impact of FDI on income inequality: evidence form the perspective of financial development. International Journal of Finance & Economics, 27 (1), 137-157

Madsen, J. B., Islam, M. R., & Doucouliagos, H. (2018). Inequality, financial development and economic growth in the OECD, 1870–2011. European Economic Review, 101, 605–624.

Mirza, M. U., Richter, A., van Nes, E. & Scheffer, M. (2019). Technology driven inequality leads to poverty and resource depletion, Ecological Economics, 160, 215-226

Modi, N. (2022) Valuing health: why prioritising population health is essential to prosperity. [Online] Available from: https://www.bma.org.uk/what-we-do/population-health/addressing-social-determinants-that-influence-health/valuing-health-why-prioritising-population-health-is-essential-to-prosperity (Accessed 31/7/23)

Muñoz de Bustillo Llorente, R., Esteve Mora, F. (2022). Social classes in economic analysis. A brief historical account, Seville: European Commission

Murray, C. (2012) Coming Apart: The State of White America, 1960-2010. New York: Crown Forum.

Neckerman, K. & Torche, F. (2007). Inequality: causes and consequences. Annual Review of Sociology, 33, 335-357

Nite, D. K., & Dash, B. C. (2022). Caste, Class and Development Experiences: Discourses on Social Inequality/Equality, Merit and Welfare in Modern India. The International Journal of Community and Social Development, 4(4), 411–425 .

Fiske, S.T. (2010). Interpersonal stratification: Status, power, and subordination. In: Fiske ST, Gilbert DT, Lindzey G, editors. Handbook of social psychology. Wiley, pp. 941–982.

Fiske, S.T., Dupree, C.H., Nicolas, G. & Swencionis, J.K. (2016). Status, Power, and Intergroup Relations: The Personal Is the Societal. Current Opinion in Psychology, 11, 44-48

Fox, T. G., & Miller, S. M. (1966). Economic, Political and Social Determinants of Mobility: An International Cross-Sectional Analysis. Acta Sociologica, 9(1–2), 76–93

Ginsberg,M Sociology, oxford universitypress, 1950, p.159

Goldthorpe, J.H. (2007) On Sociology. 2. Illustration and Retrospect. Stanford: Stanford University Press.

Gould,E.D.,& Hijzen,A.(2016).Growing apart, losing trust? The impact of inequality on social capital. International Monetary Fund

Graham, C. (2011). Does more money make you happier? Why so much debate? Applied Research in Quality of Life 6, 219–240.

Grant, T. (2011). Religion and inequality go hand-in-hand. Christianity Today, 16 September 2011

Griffiths, H., Keirns, N., Strayer, E. et al. (2012). Introduction to Sociology, 2nd ed. Wisconsin: OSCRice University

Griffiths, H., Keirns, N., Strayer, E. et al. (2012). Introduction to Sociology, 2nd ed. Wisconsin: OSCRice University

Gururaj, S., Somers, P., Fry, J., Watson, D., Cicero, F., Morosini, M., & Zamora, J. (2021). Affirmative action policy: Inclusion, exclusion, and the global public good. Policy Futures in Education, 19(1), 63–83.

Harrington B (2016) Capital Without Borders: Wealth Managers and The One Percent. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Hawley, P.H. (1999). The ontogenesis of social dominance: A strategy-based evolutionary perspective. Developmental Review. 132, 97–132

Henry, P. (2022). Economic inequality has deepened during the pandemic. That doesn't mean it can't be fixed. [Online] Available from: https://www.weforum.org/agenda/2022/04/economic-inequality-wealth-gap-pandemic/ (Accessed 31/7/23)

Hsieh&Shannon,2011Three Approaches to Qualitative Content Analysis, SAGE, Vol. 15 No. 9, November 2005 1277-1288.

Hughes, M. & Kroehler, C. (2008). Sociology: The Core. New York: McGraw Hill

Ingram, N., & Gamsu, S. (2022). Talking the Talk of Social Mobility: The Political Performance of a Misguided Agenda. Sociological Research Online, 27(1), 189–206

Keswell, M.M. (2003) Essays on categorical inequality, non-linear income dynamics and social mobility in South Africa. Unpublished doctoral dissertation, University of Massachusetts, Amherst.

Vermeulen, W., Vezina, P. & Gokmen, G. (2020). The imperial roots of global trade: evidence from a new database. [Online] Available from: https://cepr.org/voxeu/columns/imperial-roots-global-trade-evidence-new-database (Accessed 28/07/23)

Wagmiller, R.L., Lee, K.S. & Su, J.H. (2020). The Role of Welfare in Family Income Inequality: 1968-2016. Children and Youth Services Review, 119:105615

Walker, J., Pearce, C., Boe, K. & Lawson, M. (2019). The power of education to fight inequality. Oxford: Oxfam International

Wolff, E. and M. Gittleman (2014), Inheritances and the distribution of wealth or whatever happened to the great inheritance boom?, Journal of Economic Inequality, 12, 439–68.

Xu, Y. & Marandola, G. (2023). The (negative) effects of inequality on social capital. Joural of Economic Surveys, Special Issue, 1-27

Yuldashev, M., Khalikov

Yuldashev, M., Khalikov, U., Nasriddinov, F., Ismailova, N., Kuldasheva, Z., Ahmad, M. (2023) Impact of foreign direct investment on income inequality: Evidence from selected Asian economies. PLoS ONE 18(2), e0281870

Oyekola, I.A. and Oyeyipo, E.J. (2020) Social Stratification. In: Introductory Sociology. Nigeria: Obafemi Awolowo University Press, pp. 125-138 .

Parker, K, Horowitz, J. & Brown, A. (2020). About half of lower-income Americans report household job or wage loss due to covid-19. Pew Research Center.

Peterson, E. (2017). Is economic inequality really a problem? A review of the arguments. Social Sciences, 6 (4), 147

Piff, P. & Moskowitz, J. (2018). Wealth, poverty, and happiness: social class is differentially associated with positive emotions. Emotion, 18 (6). 902-905

Pigg, S. (1992). Inventing Social Categories through Place: Social Representations and Development in Nepal. Comparative Studies in Society and History. 34(3),491–513.

Radovic-Markovic, M. (2016). Empowering employment of women and marginalised people through entrepreneurship education in Serbia. Journal of Women's Entrepreneurship and Education, 1-2, 3-17

Redhead, D. & Power, E.A. (2022). Social hierarchies and social networks in humans. Philosophical Transactions of the Royal Society of London. Series B, Biological Sciences. 28, 377

Ridgeway, C.L. (2014). Why status matters for inequality. American Sociological Review. 79,1–16

Rostow, W. W. (1960). The Stages of Economic Growth: A Non-Communist Manifesto. Cambridge, MA: Cambridge University Press.

Seng, J.S., Lopez, W.D., Sperlich, M., Hamama ,L. & Reed Meldrum, C.D. (2012). Marginalized identities, discrimination burden, and mental health: empirical exploration of an interpersonal-level approach to modeling intersectionality. Social Science & Medicine. 75(12), 2437-45.

Shen, C. & Zhao, X. (2023) How does income inequality affects economic growth at different income levels?, Economic Research-Ekonomska Istraživanja, 36 (1), 864-884

SMC (2021). State of the Nation 2021: Social mobility and the pandemic. London: HM Stationery Office

Sorokin, P.A. (2001). Social and cultural mobility. New York: Routledge

Stronks, K. & Mackenbach, J.P. (2006) Evaluating the effect of policies and interventions to address inequalities in health: lessons from a Dutch programme, European Journal of Public Health, 16 (4), 346–353

Thomson, K., Hillier-Brown, F., Todd, A. et al. (2018). The effects of public health policies on health inequalities in high-income countries: an umbrella review. BMC Public Health, 18, 869